# تەلەفزیونی کوردسات وکەم بوونەوەی جەماوەر لەدەوری ... م. حەمید عەزیز



ئەم کەناڵەشیرینەکەلەبەرواری 1-1- 2000 دامەزراو دەستی کرد بەبەرنامەکانی و سەرکەوتوانەکارەرۆژنامەگەریەکانی و بەرنامەکۆمەڵایەتیەکانی وراميارييەکانی وچاوپێ کەوتنەکانی وبەرنامەی منداڵانی زۆر باش ئەنجام دەدا. . . هتد.

زۆر بەداخەوە، هەموو کەناڵی دنیاو هەموو کارێکی هونەری رۆژ لەدوای رۆژپەرەئەسینێ، چونکەئەزموون وەردەگرێ لەو کارەو مرۆڤیش وا دروست بووەکەکارێك چەند جارێك بکاتەوەئیدی ئەوکارەئاسان تردەبێت جار لەدوای جار زیرەکانەتر ئەوکارەئەنجام دەدات. . . بەڵام بەداخەوەکوردسات رۆژ بەرۆژ خراپ تر دەبێتئەبێت دڵسۆزانی راگەیاندنی کوردی بڵێن چی. . . !

لەئاست ئەو کەم تەر خەمیەو سارد بونەوەیەدا. . . یان ئەوەتا کارمەندو بەرێوەبەری ئەم دەسگایەلاوازن لەباری ئەکادیمیەتەوەو هیچیان پێ نەما یان کەم تەرخەمیەلەلایەن ئەو شوێنەی کەئەم راگەیاندنەئەبات بەرێوەلەباری ماڵیەوە. . . . بێجگەلەوەی کەلەبۆنەکاندا بەرنامەی راستەوخۆ نابینین یان هەر زۆر کەمەوەیان لەکاتی روداوەکاندا ئاگای لێ نیەیان. . . چونکەبەشایەتی زۆر لەدڵسۆزانی راگەیاندنی کوردی ئێمەراستەوخۆ دانگوباسەگەرمەکان لەکەناڵی بێگانەوەدەبیستین یان دەبینین. . . !

بەداخەوەئەو کەناڵەکەناڵی خو
ێنی شەهیدانەکەجی زۆر کەم گوێمان لەوشەی شەهیدیش دەبێ. . . . . گوێمان و چاومان پر بوو لەکلیپی زۆر ناشایستەو کلیپێکیش ئەگەر جوان بێ پەیوەندی بەگۆرانیەکەوەنەبووە!

بەراستی بمانەوێ ونەمانەوێ چەژنەئاینیەکانیش هەر بۆنەو خۆشی ئەگەیەنێ بۆ میلەتەکەمان کەچی لەم جەژنی رەمەزانەدا بەرنامەی راستەوخۆمان نەبینی خۆ گۆرانی بیژو هونەرمەند پرەلەکوردستان هەرئەبێ چاوەرێی گۆرانی بێژێك بن لەهەندەران بێتەوە!

بەداخەوەوەك و چۆن کوردایەتیە کەکاڵ بۆتەوەئاوا هەمو شتەجوانەکان کاڵ بونەتەوە ئەگینا کوان ئەم بەرنامانە~ ساتێ لەتەمەن، ~ راورایەڵ، ~ ئاوێنە، ~ بپرسە، ~ بالۆرە، ~ چریکەی لادێ. . . . . هتد.

من ئەڵیم مرۆڤ بۆ ئەوەی شت فێر بێت و بۆ ئەوەی بەپێشکەوتن ئاشنا بێت ئەبێ سنگی فراوان بێت بۆ رەخنە. . . . لەگەڵ رێزم بۆ ماندو بونتان.

Hamid773@hotmail. com